# [ئەو ئاوازانەی کە هەرگیز لەبیر ناکرێن.. هونەرمەندی مۆسیقا ژەن. سەلاح رەووف]




Friday, 07 November 2008 00:19 Ashti Germyani

**ئاشتی گەرمیانی.. هۆلەندا**

**مندالانی ئەم دونیایە.. بارانە.. تیپی مۆسیقای سلێمانی .. پەیمانگەی هونەرەجوانەکان .. مندالانی کورد .. هونەرێکی کوردی رەسەن . گۆرستانی چراکان .. چەندین قوتابی قوتابخانەکەی مامۆستا سەلاح رەووف..لەسەرەتاوە بەرێزێکی گەورەوە داوای لێبووردن لەمامۆستام و هەموو رۆشنبیران دەکەم کە من پرۆفیشنالی مۆسیقا نیم بەوەی کە شێوەکارێک بم، لەوەی کە مامۆستای گەورەم هونەرمەندی ئاوازو ستران و مۆسیقا ژەن سەلاح رەووف پێناسە بکەم یان باسی هونەرە گەورەکەی بکەم.**

**بەلام ئەو پردەی کە هونەرەو من و مامۆستاکەم وقوتابی یەکەمی پێکەوە گرێ داوە ئەو هونەرەیە کە هەرگیز جیامان ناکاتەوە لکە یەکتری بۆ وورد کردنەوەی فۆرمەکانی، ئاوازەکانی مامۆستایی بەرێزم لەیاد ناکەین وە بەردەوام تام و چێژێکی تایبەتی هەیە لەناو خەون و خەیالی ئەمرۆی هونەری کوردی دا ، من یەکەم کەس نیم دوەمیش نیم دوواینیش نیم کەباس لە هونەری ئەو**

هونەرمەنەندە بکەم لە نۆتەی کوردی وهەستی کوردی و ئاوازی کوردی بە کوردی بە ووشەی کوردی .. خەونێک کە هونەرمەندێکی کوردبیبینێ ئەو خەونەیە کە مامۆستا سەلاح رەووف کە ئەنفالی گۆرستانی چراکانی کرۆتە ئەو کۆنسێرتەی کە وەرچەرخانێکی هونەری میوزیکی بە خۆیەوە بگرێت وە لە چەندین کەنالەوە باسی لێوە کرا.

مامۆستا سەلاح رەووف من لەسالی 1981 لە هەوارەبەرزە پەیمانگای هونەرە جوانەکان شاریسلێمانی لە بەشی مۆسیقا وە دەیناسم کە دووەم سالی پەیمانگا بوو واتە دوو سال بوو پەیمانگایەکی کوردی لە کوردستانی عێراق کرابووەوە، کە کۆمەڵێک مامۆستاو هونەرمەندی ناوداری کوردی تیادابوون.

رۆژانە دەنگی مۆسیقا هەراسانی کردبووین .. قوتابیانی پەیمانگا .. بە پرۆڤەو و جیکە جیک .. بەلام کاتێک کە گەیشتینە قۆناغی مانگی نیسان کە یەکەم ڤیستیڤالی پەیمانگای هونەرە جوانەکان نمایش کرا شا گۆرانی کوردی و مۆسیقای کوردیمان گوێ لێ بوو لە هۆڵی پەیمانگە،. بەو ئاوازەی کە مامۆستا سەلاح رەووف داینابوو بۆ خۆی و قووتابیان و ئامادەبووان ، پاشان بوو بەو پەیامە هونەری یەی کە ئەمرۆ لە کەشکۆلی هونەری کوردیدا گوێ بیستی دەبیین .

هونەرێک پر لە خۆبوردن وداهێنان و هاوچەرخێتی .. ئەو خەون و خەمانەی کە منداڵن و لە ناو جیکە جیکی ئاوازو وەتەری دڵماندا دەلاوێتەوە ، ئەو ئاوازەی کەلەدایک نەبووە لە مێشکی مرۆڤێکی هونەرمەندا دێت و دەروات تا دەبێتە ئەو هەستەی کەلە جوکە جوکی کەمانەکەوە دێتە دەرەوە..

هونەرەکەی مامۆستا سەلاح ڕەووف چەندین تابلۆی جۆراو جۆری پێ دروست کردم .. هونەرەکەی مامۆستا چەندین عاشقانی ڕۆژانی ڕابوردوو  لەگەڵ بەفرو پایزەووشک بوەوەکەدا بوون بە شیعرو چیرۆک و مێژوو.
هونەرێکی ئەکادیمی و دەربرین خوازی لە ئاوازدا.. یان کەلتوورێکی کوردی ڕەسەن کە ئاوازەکانی بە گوێمان ئاشنان.. ئەو ئازارانەی کە هەرگیز لە بیر ناکرێت .. ئاوازەکانی مامۆستا سەلاح ڕەووف ە.
خاوەن ئەرشیف و بیبلۆگرافیایەکی هونەری کەلتووری کوردی یە وە خاوەن زۆرداهێنان و هاوچەرخێتی یە لەو هونەرەدا هەر بۆیە سەرەرایی غوربەت و دووری وولات هونەرەکەی مامۆستا سەلاح ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لەناو هونەری کوردیدا... ئاوازێکی هێواش و پر لە کەلتووری کوردی و تایبەت مەندیەکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە .. خەونەکان کۆتاییان نەهاتوە لە هەست و دەروونی ئەوهونەرمەندە گەورەیەدا کە ئەمرۆ ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی تیادا گەورەدەبێت و چرۆ دەکات بۆ هەڵ هاتنی هەتاوێکی نۆێ لە هونەری کوردی ڕەسەندا.

ئاشتی گەرمیانی.. هۆلەندا